٢٣ هەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست

## هاوپشتیی جیهانیی: بوێریەك بۆ کردنی شتی جیاواز

Global Solidarity: The courage to make a differenc*e*

لە ڕۆژانی نێوان ٦/٣٠ – ٧/٢ کۆنگرەی بیستوسێهەمینی ئینتەرناسیونالیستی سۆسیالیست Congress of the Socialist International لە شاری ئەتێن Athens پایتەختی یۆنان بەسترا. لە کۆنگرەکەدا ٧٠٠ کەس بەشداربوون کە ئەندامی ١٥٠ ڕێکخراو و پارتی جیاوازی ١٢٠ وڵاتی جیهان بوون. لەوێدا جۆرج پاپەندرو GEORGE A. PAPANDREOU سەرۆکی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست وتارێکی پێشکەش کرد کە تا ڕادەیەکی باڵا ئایدیۆلۆژیك و لە کاریگەریی قەیرانی چەپ و لەسەرکاربوونی پارتی پارێزەرانی ئەمەریکای پێوە دیارە، لەوێدا جۆرج پاپەندرو باسی هەموو ئەو بەهایانە دەکات کە بە ڕای ئەو خەسڵەت بە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی دەدات و بە گشتیی لەسەر پرسی هاوپشتیی، هاوکاریی، چارەسەرکردنی گیروگرفتە سیاسیی و ئابووریەکان بە ڕێگای ئاشتیی و دیالۆگ، مەسەلەی ئاووهەوا و ژینگە و ئاشتیی و شەڕی جۆراوجۆر لە جیهاندا کرد. هەروەها حەز و ئارەزوو و توانای بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی بۆ بەدەربەستەوەهاتن، بەشداربوون و چالاکبوون لە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەدا.

لەوێدا جۆرج پاپەندرو بە نەرمیی و ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئێراق دەگرێت. باس لە چارەسەری کێشەی فەلەستین و مافی ئەوان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك، هەروەها باسی کێشەی قوبرس و بەلکان دەکات، بەڵام باس لە کورد و لە کێشەکانی ئێران ناکات.

وتارەکەی جۆرج پاپەندرو تا ڕادەیەکی باڵا سەرنج ڕاکێشە، چونکە وەبیر بەشداربووان و هەموو بینەرانێك دەهێنێتەوە کە بەها و ئامانجەکانی سۆسیالدیموکراتیی کامانەن و دیارەئەوانە دەبێت وەکوو پرینسیپ ببینرێن، نەك قسەی گشتیی. لەوێدا جیددیەتی پرۆگرامی سیاسیی بزوووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی ئورووپا دەردەکەوێت.

کۆنگرە لەسەر چەند باسێك دەدوێت لەوانە مەسەلەی چارەسەرکردنی گرفتی ژینگە، هاوپشتیی جیهانیی و کار بۆ سەپاندنی ئاشتیی و هەروەها دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بۆ خستنی باری ئابووریی جیهانیی، کۆچبەریی و پەناهێندەیی، قەیرانی خۆراك لە جیهان و هەروەها بڕیاردان لەسەر پلەی بەشداربوون لە ئینتەرناسیونالیستی سۆسیالیستدا.

لە ڕاپۆرتی ئینتەرناسیونالیستی سۆسیالیستدا هەروەها باس لە کێشە سیاسیەکانی جیهان دەکرێت، لەوانە لەسەر کورد. لە ژێر ناوی "دۆزی کورد Kurdish Question " باس لە کێشەی کوردستان دەکردرێت و ئاماژە دەکات کە "کێشەی کورد دەبێت بە ئاشتیی چارەسەر بکرێت". ئەڵبەت ڕاپۆرتەکە بە تایبەتی ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی دیکەی ئینتەرناسیونالیستی سۆسیالیست دەکات سەبارەت بە گرووپی کاری ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست لە ساڵی ٢٠٠٥، لەسەر "کوردی ئێراق". شایانی باسە ڕاپۆرتەکە باس لە "کوردی ئێران" و "کوردی تورکیا" دەکات و جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگای ئاشتیی دەکات، بۆ نموونە داوای بەستنی مەرجی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا بە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئورووپا و پاشان ئاماژە بە چارەسەری کێشەی ئێران دەکات کە نەتەوەکانی ئێران لە جۆرێك لە سیستەمی فیدراڵیدا بژین.

لەم کۆنگرەیەدا ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست بڕیاری دا ئەم ڕێکخراوانەی خوارەوە کە ژمارەیان دە دانەیە بچنە ناو قۆناخی "مافی ئەندامبوونی تەواو" کە ئەگەر گۆرانکاریی ڕوو نەدات دەشێت لە کۆنگرەی ئایندەوە حیساب بێت، لەوانە هاوپەیمانیی سۆسیالدیموکراتە سەربەخۆکان لە بۆسنیا و هەرەسەك (SNSD)، کۆنگرەی نەتەوەیی دیموکراتیك (NDC) لە غانا، یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان (PUK) لە ئێراق، ئەنجوومەنی مالیی (RPM) کە مالی، ئەنجوومەنی هێزە دیموکراتیکەکان (RFD) لە

مۆریتانیا، پارتی سۆسیالیستە دیموکراتەکان لە مۆنتینەگرۆ (DPS)، لە مۆنتینەگرۆ، ڕێکخراوی (SWAPO) لە نامیبیا، پایس سۆلیداریۆ (PS) لە پاراگوای، پارتی سۆسیالدیموکراتی سێربیا، لە سێربیا و بزووتنەوەی سۆسیالیزم (MAS) لە ڤێنزەویلا.

بڕیار درا دوو حیزب بخرێنە ناو قۆناخی "پلەی ڕاوێژ" ـ ەوە، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (PDKI) و حیزبی سۆسیالیستی یەمەنی بوون.
هاوکات دوو حیزب بە ڕەسمی بوون بە ئەندام و مافی ئەندامبوونیان پێ درا، و شەش دانەیش بە ڕەسمی "پلەی ڕاوێژ" ـیان پێ درا. پێنج دانە پلەی چاودێریان پێ درا و یەکێکیش، کە پارتی کرێکاریی فیجیی بوو (Fiji Labour Party) وەرنرا.

لە لیستی بەشدارانادا هاتووە کە نوێنەرانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ئەمانە بوون:
جەلال تاڵەبانی، حکمت محمد کریم، عیماد ئەحمەد سەیفور، سەعدی پیرە، ئازاد عبولوەهاب محمەد عەلی، شەماڵ عەبدولوەفا، سەرۆ عوسمان مەحمود و بورهان حەبیب.

نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بریتیی بوون لە: مستەفا هیجری، خەسرەو عەبدوڵاهی، شکۆفە قوبادی، ڕزگار موحەمەدیان و ئازاد عەزیزی.

بەشدارانی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیی (DTP) لە (کوردستان لە تورکیا) ئەمانە بوون: ئامینە ئاینا، سەباحەت تونجل، نەزیر کەرەباش، فایەق یاگیزای و ئوئوپ دیورو.

لە ناو میواناندا گرووپە کوردەکان ئەمانە بوون:
ئێران: کۆمەڵە پارتی (Komala Party) عەبدوڵا موهتەدی و فاروق بابامیری
ئێران: پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP) خالید عەزیزی و مەولود سوارە.
ئێراق: پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP) سەفین دزەیی و ڕەمزی شابان

تێبینی: هەموو ئەو ناو و ناونیشانانەی لێرەدا هاتوون ڕاستەوخۆ لە ئینتەرناسیونالیستی سۆسیالیست وەرگیراوە و گۆڕانکاریان تێدا نەکراوە.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر بە ئینگلیزیی، پرووانە:
http://www.socialistinternational.org/viewArticle.cfm?ArticleID=1915&&ArticlePageID=1269&ModuleID=11

هەواڵنێری پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)